# نەخشە

عومەر فارس

منت نەدەناسی هێندەت دەزانی برای هاوڕێ کارمەندەکەتم، کەلەهەمان ژووردا پێکەوە کاردەکەن. نەتدەزانی چۆن... بەچ.. شێوەیەك لەگەڵمدا بکەویتە گفتوگۆ، دەشتزانی لەهەندەران ژیان بەسەردەبەم.

مووەکانی سەرت لەوەدەچوون بەدەرمان سپیکرابن، کاڵوکرچی ڕووشت هەروەك ئەکتەرێك بۆ کاراکتەرێکیداماو لەژیاندا ئارایشتکرابوو.

تەزبیحەدەنك گەورەکەیدەستت بەمدیو ئەو دیودا بادەدا، جارجاریش لەنێوانی هەردووکلاوەی ئەژنۆتدا و لەپشتی مێزەکەی پێشتەوە دەنکەکانیت دەبژارد، هەروەك نەزانی چەند دەنکەو دەتەوێت دڵنیابیت.

لەگەڵ هەر سەرهەڵبڕینێکدا لەژێرلێوەوە بۆڵەیەکت لێوە دەهات، بەباشی دانت بەووشەکاندا نەدەئەنا، دەتویست سەختی ژیان لەم ڕۆژگارە بەناوئازادیەدا باسبکەیت، واخۆشت نیشاندەدا کەلەگەڵ منت نیە.

ئەوکاتەو ئێستاش نەمزانی ناوت چیە، پێتوابوو سەرقاڵی ئەوەم ئەوخانوانەی کریومن بەناوی کێوە ناونووسیان کەم.

پاکەتە جگەرەکەم دەرهێنا، سەرم هەڵبڕی سەیری دەستم دەکەیت، بۆم ڕاگرتی سوپاسێکت ئاراستەکردم، بۆجاری دووهەم فەرمووم لێکردیت بەجۆرێك جگەرەیەکت دەرهێناکەهەست بە دارمانی دارایت نەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا خێرا بە شقارتەکەی بەردەمت کەتەنها یەك دەنکی تیامابوو، جگەراکانی هەروکمانت پێکرد.

بەیەکەم مژی جگەرەکە بۆ چەند ساتێك لەلام نەمایت، برۆتوکنە ماشوبرنجیەکەت بەسەر چاوە زەقەکانتەوەبووبوو بەکەپر، یادەوەریەکانت وەك تیسکەی گوللە بەمێشکتا هاتوچۆیان دەکرد. {*کوڕم هەربەخوێندنەکەتە دەبیتە پیاو، پاشەڕۆژت بەخوێندنەوە ڕوونە*} سەریشت بادەدا ئای کەوانیە!!!ئەوکاتەت دەهاتەوە یاد کەقوتابی بوویت لەبەر بێدەرامەتی شەوانە لەبەر گڵۆپی شەقامەکان وانەکانت ئامادە دەکرد.

- *بێزەحمەت ئەم نووسراوە بۆلای جەنابتە؟*

تێکڕایی یادەکانی پێپچڕیت، گەر بهاتایە ژنێکی ڕەشپۆشی بێچارەی وەك ئەو ژنەی بەردەمت نەبوایە، زۆر تورە دەبوویت، خۆت قیتکردەوە.

- *نەخێر خوشکم ئەوبرادەرەی ئەوبەرەوەیە.*

سەیرێکی منت کرد، دیاربوو دەتویست بڵێیت!!! هەرچەندە براکەم هاوڕێتبوو، بەڵام منت هەرگیزنەدیبوو.

جاران لەژێر چەپۆکی ڕژێمێکی دژ بەمرۆڤایەتیدا کارتکردبوو، شێوە خۆپاراستنێك لەگفتوگۆکردندا فێریووبوویت، ئێستاش خەریکی ئەوخۆپاراستنەیت.

Kurdistan Net

کەمێك پشتم ڕاستکردەوە، ماوەیەکبوو ئانیشکەکانم لەمێزەکەی پێشم چەقاندبوو، کورسیەکەم کەمێك بردە دواوە. هەستمکرد بە قێزەوە سەیری ئەوکورسیو مێزە دەکەیت کەمن لەسەری دانیشتووم. دەستمبرد جگەرەکەم لەناو ژێرجگەرەکەی سەرمێزەکەتدا بکوژێنمەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە ژێرجگەرەکەت لە پێشم دانا.

قەڵەم جافی سەر مێزەکەت هێندەی پەنجەتوتەی منداڵێك شینایی تیامابوو، زوو زوو هەڵدەگرتو خەتێکت لەسەر نەخشەکەی پێشت دەکێشا.

چەند تۆ حەزتدەکرد لەگەڵ مندا بکەویتە گفتوگۆ من دوو هێندە!!! نەخشەکەی پێشت سەرنجی ڕاکێشابووم. حەزمدەکرد بزانم بۆ واخەتی پێدادەهێنیت. پێشئەوەی دەمم هەڵبێنمەوە هەستتکرد دەمەوێ پرسیاربکەم، پێت ووتم:

- *دەزانی ئەمە نەخشەی کوێیە؟*

قورگت گیرابوو یەکدو ئحمت کرد تا دەنگت سافبوو. بێ ئەوەی فریایی وەڵامدانەوە بکەوم، بەردەوام دەستت بەقسەکردنکرد.

- *ئائەمە نیازی گڵاوی ئەورژێمە بۆگەنەبوو.*

دەتویست تێمبگەیەنیت ئەمە نەخشەی شار نیە بەڵکو نەخشەی زیندانێکی گەورەیە. تاوناتاوێکیش سەرت هەڵدەبڕی و سەیرێکی منت دەکرد، تا دڵنیابیت منیش هەمان بۆچونم هەیە.

زۆر بە وردی بۆ دەموچاوتم دەڕوانی، شێوەت لەلام غەریب نەبوو، وای بۆدەچووم کەتۆم لەمەوپێش دیبێت بووبوویتە مەراقی دڵم، وەبیرم نەدەهاتەوە تۆم لەکوێ دیوە.

ڕەنگی سەوزی ناونەخشەکە زۆر کەم بوو، بازنە لەناو بازنەدا بەهێڵی سوور کێشرابوون، منیش هەرچەند سەیرمدەکرد لەنەخشەی شار نەدەچوو.

کات نزیکی کۆتایهاتنی دەوامبوو، لام ناخۆشبوو، حەزم دەکرد زۆرتر لەژورەکەتدا بمامایەتەوە، هەڵسوکەوتی تۆ و براکەم و (موراجیعەکان) وەك بانتۆمیمێك دەهاتە پێش چاوم.

غەڵبە غەڵبێك لەدەرەوە پەیدابوو.

دوو گەنجی سمێڵفشی شەرواڵفش، کەهەریەکەیان تاقم و تفەنگی تەواویان پێبوو، وەژوورکوتن. هەریەکەیان لەقوژبنێکی ژورەکەدا قیت وەستان،تاقمەکانیان وەك بەڕۆن چەوورکرابێ بریقەی دەهات، کلاشینکۆفەکانی شانیان لاقەکانیان هەڵدرابۆوە، خەتی ئووتوی چۆغەکانیان وەك چەقۆ تیژبوو.

تۆش بە فیزێکەوە سەرت هەڵبڕی و قەڵەم جافەکەت فرێدایە سەرنەخشەکە و پاڵت بەکورسیەکەتەوەدا.

سەیرە تۆبڵێی ئەمانە پێشمەرگەبن! هێندەم نەزانی کابرایەکی قات لەبەری لوتفشی ناوگەڵفشی هەموو شوێنفش، وەژوورکەوت، ددوو چەکدارە سمێڵ فشەکە زیاتر خۆیان قیتکردەوە.

- *ها برادەران چۆنن؟*

بەچاوێکی مۆنەوە سەیری منی کرد، تۆش هەروەك لەوژورەدا نەبیت وابوو.

بەتەوسێکەوە بە براکەمی گووت:

Kurdistan Net

- *کاك فلاَن ئەمەیە براکەت کەلەهەندەران دەژی، ئەمانەشمان لەهەندەران هەبێت هەرباشە.*

سەرسام بووم، ئەم باڵفشە چۆن زانی من برای فلاَن کەسم و لەهەندەران دەژیم. برواناکەم براکەم خۆی ئەمەی لاووتبیّ، لەوباوەڕەشدا نیم برواناکەم براکەم پەیوەندی لەگەلّ ئەو جۆرە سەروفەسالاَنەدا هەبیّ.

تۆش سەیرت لێدەهات واقتورمابوو.

- *بڕیارم داوە ئەو مێزە بەتاڵەی خۆشم بەئەندازیارێکیتر پڕبکەمەوە.*

کابرا ئەمەی زۆر بەلووتبەرزییەوە گووت، تۆش دەموچاوت گرژبوو، من کابرام نەدەناسی، هەڵوکەوتی بەدڵم نەبوو، لەجێیی خۆم کەمێك ماتبووم.

هەستت بەمن کرد، ڕووت کردە کابراو بە تەوسێکەوە وتت:

- *جەنابتان چۆن زانیتان ئەم برادەرە برای فلاَن کەسە.*
- *زەحمەت نیە ، نیی ، بەڕێوەبەری (دائیرە) دەبێت بزانیّ کیّ ڕوو دەکاتە دائیرەکەی.*

تۆش زۆر بەقەڵسیەوە وتت بێگومان، زەردەخەنەیەکیشت بۆمن کرد.

کابراش قۆپچەی چاکەتەکەی داخست و ڕوووەو دەرەوە ڕۆیشت،دوانە سمێڵفشەکەش وەك کەنغەر قونە قون دوای کەوتن.

تۆش نەخشە و قەڵەم جافەکەت فرێدایە ناو دەلاقەی مێزەکەتەوە و هەڵسایتە سەرپیّ، لەبەرخۆتەوە وتت:

*بێگومان یەکێك نەخشەی شارێك وەك زیندان بۆ داگیرکەر بکێشی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا، ئامادەیە نەخشەی وڵاتێکیش وەك زیندان بۆ هەمان مەبەست بۆ خاوەن ماڵیش بکێشیّ.*

بەبێزارییەکەوە خواحافیزتکرد.

کە لەپشتەوە دیمیت بیرم کەوتەوە کە دوێنیّ لە مەزادخانەکە دیبومیت، مەنجەڵی بوخارەکەتان و دوو بۆینباخی خۆت پێبوو، دەتوویست بیان فرۆشی.

براکەشم سەرقاڵی ئنە ڕەشپۆشەکە بوو، ژنەکە دەیگوت:

- *بۆ خانووەکەم دەڕوخێنن، خۆئەوەی تەنیشتم وەك من بیّ (ئیجازە) دروستیکردووە، توخوا ئەمە کەی ڕەوای حەقە کۆشیّ خێزانین و مێردەکەم و دوو برام ئەنفال کراون و کوڕێکیشم شەهیدە، ئەی هاوار ڕووبکەینە کویّ؟*

براکەشم زوو زوو دەیگووت:

- *خوشکم بەخوا بەدەست من نییە.*

*ژنەکەش دەیگووت:*

بۆ ڕاست نارۆیت ئەی تۆ میهەندیس نیت.

براکەشم زەردەخەنەیەك گرتی و زۆر بە هێمنی بەژنەکەی گووت:

- *خوشکم میهەندیسی چی و موهەندیسی چی؟ بۆ خۆت نازانی وەزعەکە چۆنە؟*

ژنەکەش بەتوڕەییەوە کاغەزەکەی هەڵگرت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت و دەیگوتەوە:

- *دەك خوایە ئەم دەور و دیوانە هەڵنەگری، هەتا ئەودیو دەرگای ژوورەکەش گوێم لەدەنگی بوو.*

براکەشم دەلاقەکەی داخست و پێی وتم ئائەمەیە (وەزعەکە) من برسیمە، ئەی تۆ؟

وتم:

- *نەخێر من لێرە تێربووم.*

تێبینی:

ئەم بابەتەم لەساڵی ١٩٩٢دا نووسیوە. بۆیەحەزمکرد بڵاویکەمەوە، بەنیازم تەوکراوەکەی لەداهاتودا بنووسم کەلەساڵی ٢٠٠١ دا چومەوە هەمان شوێن و کارەساتی تازەترم بینی.

Kurdistan Nêt